**هەڵهاتن لەکۆمەڵگەو ئارامگرتن لەتاراوگە**

**لە شیعری "بەندەرەئارامەکانی دووری" بەرزان هەستیار-دا**

ئارام سدیق

مرۆڤ هەمیشە کائینێکی پرسیارکەر و یاخی بووە. یاخی لەو کۆت و پێوەندانەی کە دەیانەوێ یەک بەرگ و یەک رەنگ بەژیانی ببەخشن. مرۆڤ دەیەوێ خۆی چۆنێتی ژیان و شوێنی گوزەران و هەتا مردنیش هەڵبژێرێ لێرەوە دەتوانین بڵێین خۆکوشتن گەورەترین یاخیبوونی مرۆڤە لەچەقبەستوویی ژیان و لەرێی هەڵبژاردنی مەرگەوە مرۆڤ دەیەوێ یەک رەنگی و یەک بەرگی ژیان بگۆرێت. واتە ئەوەی سروشت و ژیان و کۆمەڵگە بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنێ ئەو دەیەوێ دەستکاری بکات و لەچەقبەستوویی دەریبهێنێ. ئەمە ئەو سەرەتایەشە کەلەرێیەوە پێشکەوتنە بەر چاوەکانی ژیان دێنێتە بوون، چونکە ئەگە ر ئەمە نەبوایە ژیان کۆپی رابردووی خۆی دەبووە ، بۆیە گۆرانی بووەکانی رابردووە بەنوێتر ونوێترین ئەرکی مرۆڤە خەمخۆرەکانی کۆمەڵگەیە.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسەلەشیعرێکی "بەرزان هەستیار"ی شاعیر بکەین بەناوی (بەندەرەئارامەکانی دووری) ئەم شیعرە یەکێکە لەو شیعرانەی تارادەیەکی زۆر هە ڵگری سیفەتگەلێکە کەدەکرێت قسەی زۆر لەسەر بکرێت، چونکەخاوەنی رەهەندی جیاوازی بیکردنەوە و تێروانینی جیایە بۆ کۆمەڵگە و پەیوەندیەکانی نێو تاک و کۆمەڵگە و...هتد. ئەگەر سەرەتا لەچەمکی ناونیشانەوە دەستپێبکەین دەبینین ناونیشان چەمکێکە بەتەواوی رەنگدانەوەی ناوەرۆکی شیعرەکەیە و لەرێی ناونیشانەوە کلیلی گرێ کوێرە کانی هەموو شیعرەکە دەکەوێتە دەستی خوێنەر، یەکێکی تر لەدیسان سەرنجمان رادەکێشێت ئەو نیوە بەیتەی (مەحوی) شاعیرە کەلەدەستێکی شیعرەکەدا دانراوە ئەویش (دووری ئەگەر بەلایە، نزیکیشە ئیبتیلا)، لێرەوە تێدەگەین شاعیر دەیەوێ چ پەیامێک بگەیەنێتە خوێنەر، پەیامێک جیا لەهەموو پەیامی تاراوگەنیشینانی تر. پەیامی هەڵهاتن لەکۆمەڵگە قەرەبالغەکان و ئارامگرتن دوور لەکۆمەڵگەی خێڵەکی. پەیامی بەرزان لەم شیعرەدا تەنها پەیامێکی سادەنییە و دەکرێت لەسەری بووەستین لەو لایەنەی داوای تالگەرایی و دوورکەوتنەلەقەرەباڵغیەکانی کۆمەڵگە کوردی.

ئەگەر بمانەوێ بەوردەکارییەکانی دەقێکدا رۆبچین پێویستە قسەیەک لەسەر نووسەری دەق بکەین دەق خاڵی نییە لەتارماییەکانی ژیانی نووسەر. نوسەری دەق هەمیشە لەنێوان دوو بۆشایی گەورەدایە، رابردوو کەراستەوخۆ دەلالەتی چێژە کەبت بووەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، داهاتووش کەبەردەوام دەکەوێتە بەر تێکشکاندن و هەڵوەشانەوە و تەجاوزکردن، لەنێوان رابردوو ئێستادا بەرزانی تاراوگەنیشینیش ئێستای نێو غەریبی و غوربەت هەڵدەبژێرێت و نایەوێت لەرابردوویەکی پڕ لەقەرەباڵغی وژاوەژاودا ژیان بگوزە رێنن: بەرزان دەنوسێت:

**بادووربین**

**دوورکەوتنەوە شەوقی ئەو چراوگانەیە**

**لەگەڵ بێدەنگی  گوندێکی وێردا**

**ئاشمان دەکاتەوە**

**جامێک بەفراوی کەللەتەزێنە**

**تەلیسمەکانی سەراب دەڕەوێنێتەوە**

**ئاگردانێکی پشکۆی چاوزیتە**

**لەسایەقەی پاش کرێوەیەکدا**

دووری لای بەرزان راکردنە لەتەلیسمەکانی سەراب و ئەو خەونانەی کەهەرگیز نایەنەدی، دووری راکردنە بەرەو پیری و خەونەکان و گەشانەوەی پشکۆی ئەو حەز و خولیا ئەزەلیانەیە کەمرۆڤ بۆ بەدەستهێنانیان ئامادەی هەموو جۆرە قوربانیدانێکە. دووری لای بەرزان بەدەر لەمانایانەی سەرەوە راکردنیشە لەداب و نەریت و عەقڵیەتی چەقبەستووەکۆنزەرڤاتیڤیزمەکان، عەقڵیەتێک کەرێی لەبیرکردنەوە ی ئینسان دەگرێت، ئەوەی دەکرێت لێرەدا ئێمە بەوردی ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە شیعر هەمیشە سروشتێکی دوانەیی هەیە، هەم عەقڵەوهەم غەریزە، هەم مێژووە و هەم ئەفسانە، هەم وەهمەو هەم حەقیقەت، هەم غەریزە خەفەکراوەکان و هەم غەریزە ئەفسانەییەکانە. لەم شیعرەی بەرزانیشدا هەم عەقڵ ئامادەیی هەیە و هەم غەریزە و هەم مێژووە و هەم وەهم و حەقیقەت، هەروەها تەقینەوەی بورکانی غەریزە خەفەکراوەکانیشە، چونکە تاکی کورد تاکێکی چەپێنراوی نێو ژینگەیەکی پڕ لەتوندوتیژیی و فەوزایە، بۆ راکردن لەو فەوزایەش یەکێک لەخەون و خولیا لەمێژینەکانی بەسەربردنی ژیانە دوور لەکۆمەڵگە و کۆتەکانی. لێرەوە دەبینین شیعر ئەو داهێنانەیە کەهەمیشە لەهەوڵی گەیشتن و تەجاوزکردندا بوونی خۆی دەدۆزێتەوە بێ گەیشتن بەنەگوتراو و شاراوەکانەو هەموو بونێکی شیعر لەجێی نەبوونەکاندایە. واتەهەم مەحوی و  هەم بەرزانیش کار لەسەر ئەوەدەکەن لەرێی شیعرەوە هەوڵێک بدەن بۆ تەجاوزکردنی ژیان و بوونێک بخوڵقێنن لەجێی ئەو نەبوونەدا.

واتە دۆزیەوەی بوویەک بۆ جێی نەبوویەک، ئەو بووەش کەهەردوو شاعیر کەمەودایەکی زۆری زەمەن لە نێوانیاندایە ئەوەیە لەدووریدا ئارام بگرن، دوور لەکۆمەڵگە و ئەو قەرەباڵغی و جەنجاڵیەی نێو مرۆڤەکان ساتێک بۆ ژیان پشوو بدەن، چونکە ئەگەر لەڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە لەبوونیادی کۆمەڵگەی ئێمە بدوێین دەبینین ئێمە بوونیادمان هەیە جەنجاڵ و نەوەیەکمان هەیە پڕ لەجەنجاڵی، جەنجاڵیەک کەخۆشی نازانێ بۆ چییە و لەپێناوی چیدا جەنجاڵە؟ بۆ هەڵهاتن لەم تەقسە کۆمەڵایەتیانە و شکاندنی سنورەکانی ئەو بەربەستە کۆمەڵایەتیانە ئەرکی نووسەر و شاعیر لەپێش ئەرکی هەموانەوەیە، چونکەئەوان نەوەی هەستیار و رێبەری سەرجەم شین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەن.

شاعیر بەدرێژای ئەم شیعرە ستایشی  دووری و دوورکەوتنەوەدەکات لەئازیزانی دوورکەوتنەوەیەک کە چاوی لەچاوی هەموو دۆست و برادەرەکانی بێتەوە و چیدی نەیانبینێت. ئەو دەنووسێت،

**دەمەوێ دووربم، دوور**

**دووربین، دوور**

**بایەکتر بێزارکەین**

**دڵی یەکتر بشکێنین**

**وێنەکانی یەکتر لەدیواری ژوورەکان داماڵێن...**

بەرزان دەیەوێت  دووربێت و دووربکەوێتەوە، ئەگەر نەشتوانێت دوور کەوێتەوە دڵی ئازیزانی دەشکێنێت و بێزاریان دەکات و وێنەکانیان دەدڕێنێ، لێرەوە تێدەگەین شیعر ئەو پاڵنەرەیە کەتەواوی هەست و ئارەزووە خەفەکراوەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت و ئازادییە و دەلالەتەلەقوڵایی ناخ و وا لەکەبتکراوەکانی نێو جەستەدەکات بتەقێتەوە و بێنە بوون.

ڕاگەیاندنی دوور کەوتنەوەو دووری پەرستی لای ئەم شاعیرە سەرچاوەی تەقینەوەی ئەو کەبتەیە کەسەرجەم تاکی کوردی هەڵگریەتی، یەکێک لەو ڕێگایانەی  کەبتەکانی لێوە بەتاڵ دەبێتەوە نووسینە، شاعیر لەم قەسیدەیەدا ئەو حەزە چەپێنراوانەی تاکی کوردی دەردەبڕێت، چونکەلەکورترین پێناسەدا شاعیر پەیامبەری هەستەخەفەکراوەکانی هاوسەردەمانی خۆیەتی، دواجار ئەوەی شایانی لەسەر وەستان بێت ئەوەیە کەجیاوازیەکی زۆر لەڕوانینی  مەحوی  و بەرزان هەستیاردا نییە لەمەڕ چەمکی  دووری، بەڵام بە وردبوونە لە ڕەوشی ژیانی هەردوو شاعیر ئەوە روون  دەبێتەوە کەهەردوو شاعیر بەجۆرێک لەجۆرەکان و ویستوویانە لەکۆمەڵگە و ئاڵۆزیەکانی هەڵبێت و لەبەندەرێکی ئارامی دوور بەئارامی ژیان بگوزەرێنن.